# ڕەنگدانەوەی زمانی جەستە لەشیعری کوردیدا

# (لەتیف هەڵمەت) بەنمونە

(PP 284 - 297)

http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.2.17

**د. دەرون عبدالرحمن صالح**

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

derunzanko@yahoo.com

**د. ناز احمد سعید**

پەیمانگای ڕاهێنان وگەشەپێدانی پەروەردەیی - سلێمانی

nazkurdy@yahoo.com

**وەرگـــــرتن: 2017/10/01**

**پەسندکردن: 2018/01/16**

**بڵاوکردنەوە: 2018/03/26**

**پێشەکی**

زمانی جەستە بوارێکە لەبوارەکانی کارکردنی زانستی زمانی دەرونیی، زانستی زمانی دەرونیش لقێکە لەلقەکانی زانستی زمانی کارەکیی. لەو سۆنگەیەوە زمانی جەستە بە یەکێک لەدەربڕینە نازمانیەکان (پەرە زمانیەکان) دادەنرێت، کە ئەم دەربڕینانە زۆر ڕاسترو وردترن بەراورد بەئاخاوتن، هەروەها ڕەنگدانەوەیەکی دەرەکییە بۆ خستنەڕوی ناخی مرۆڤەکان، کە بەشێوەیەکی بێ ئاگایانەو بێ مەبەست ئەنجامی دەدەن و پەیامی خۆیان بەڕاستگۆیانە دەخەنەڕوو بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی مرۆڤی بەسەردا زاڵ بێت. زمانی جەستە نەک تەنها هەر لەزمانی ئاخاوتندا، بەڵکو لەزمانی نوسینیشدا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردوە، بۆ نمونە لەدنیای شیعردا تەنها وشەو ڕستەکان مەبەستی شاعیر ڕون ناکەنەوە، بەڵکو زمانی جەستەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەم بوارەدا، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندواە زمانی جەستە لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا بەدەربخەین و مەبەستەکەشی ڕون بکەینەوە.

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی زمانی جەستە لەشیعری کوردیدا- لەتیف هەڵمەت بە نمونە )، لێرەدا لەبەر فراوانی مەودای بابەتەکە تەنها دوو کۆمەڵە شیعری (خواو شارە بچکۆلەکەمان، پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە) ی شاعیری هاوچەرخ لەتیف هەڵمەتمان بەنمونە وەرگرتوە. ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە (وەسفی شیکارییە) و نمونەکانیش لەزمانی نوسین (شیعری لەتیف هەڵمەت)ەوە وەرگیراوە. سودی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە تاوەکو ئێستا زمانی جەستە تەنها لەزمانی ئاخاوتندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لێرەدا هەوڵمانداوە زمانی جەستە لەزمانی نوسینداو لەشیعری شاعیرێکدا بەرجەستە بکەین. لەو گیروگرفت و ئاستەنگانەی ڕوبەڕوشمان بوویەوە لەکاتی کارکردندا، زۆریی نمونەکان بوو کە زیاد لە پێویست سەرقاڵی کردین بەدیاریکردنی باشترین ئەو دەقانەی کە لەگەڵ ترۆپکی بابەتەکەو ناونیشانەکەدا یەکدەگرنەوە. توێژینەوەکە خۆی لەدوو بەشدا دەبینێتەوە، بەشی یەکەم لەژێر ناونیشانی (زمانی جەستە)دا خۆی دەنوێنێت کە بەشێوەیەکی تیۆری ئاماژە بەزمانی جەستە کراوەو خۆی لەچەند تەوەرێکدا دەبینێتەوە، بەشی دووەمیش بەناونیشانی (زمانی جەستە لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا) یە، لەم بەشەشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی کار لەسەر دەرهێنانی لایەنەکانی زمانی جەستە لەشیعرەکانی شاعیری ناوبراوداو وەرگرتنی دوو کۆمەڵە شیعری (خواو شارە بچکۆلەکەمان، پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە)  کراوە.

**بەشی یەکەم: زمانی جەستە**

بەوپێیەی زمانی جەستە بوارێکە لەبوارەکانی کارکردنی زانستی زمانی دەرونیی و، بەیەکێک لەدەربڕینە نازمانیەکان (پەرە زمانیەکان) هەژماردەکرێت و پەرە زمانیەکانیش "بەهەموو ئەو تایبەتیە رەوشتییانە دەوترێ کە پەیوەندی نازمانی یا زمان ئاسا پێکدێنن"(فەتاح، 1990، ل19). بۆیە زمانی جەستە بریتییە لەو جوڵانەی کە ئەندامەکانی لەش دەیکەن، وەک (دەست، قاچ، شان، سەر، ئاماژەی دەموچاو، ئاوازەی دەنگ...هتد)، تاوەکو کەسی بەرامبەر بەشێوەیەکی باشتر زانیارییەکانی پێ بگات.

زمانی جەستە ڕەنگدانەوەی نهێنیە شاراوەکانی ناخی مرۆڤەکانە، کە بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە ئەنجامی دەدەن و بەهۆیەوە پەی بەو نهێنیانە دەبەین، کە ڕاستەوخۆ بەرامبەر نایدرکێنێت، یاخود نکۆڵی لێ دەکات، بەوپێیەش دەبێتە"ڕەنگدانەوەیەکی دەرەکی بۆ بارودۆخی هەڵچوونی کەسەکان، کە دەکرێت هەر ئاماژەو جوڵەیەک  کۆدێکی بەبەهابێت، یاخود کلیلێک بێت، بۆ هەڵچوونی کەسێک لەچرکەساتی جوڵەو ئاماژەکانیدا"( بربارابیس، 2011، ص9)، واتە ئەو جوڵەو ئاماژانە کلیلی کردنەوەی هۆکاری

هەڵچوونەکانن. (داڤید برۆکرۆمبی) دەڵێ: "ئێمە لەکاتی قسەکردندا بەئەندامەکانی ئاخاوتن قسەدەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهەموو جەستەشەوە دەدوێین و پەیوەندی بەکەسانی تریشەوە دەکەین"( محمد امین، 2014، ل42).

ئەو پەیوەندییانەش بەهۆی چەند ڕێگایەکەوە ئەنجام دەدرێت، کە دەتوانین بڵێین"زمانی گوتن و نووسین تاکە ڕێگای پەیوەندی تاکەکان نییە، بەڵکو مرۆڤ بەهەڵسوکەوت و جوڵانەوەکانیشی پەیامێک ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی دەکات، هەربۆیە ئەم جوڵانەوانەو هەڵسوکەوتانە مایەی تێبینی زمانەوان و دەروونناس... هتد بووە" (دزەیی، 2015، ل105 )

زانای ئەمریکی (ئەلبێرت میهرابین) لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەنجامداو گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە" (7%)ی پەیوەندییەکان لەڕێگەی وشەکانەوەیەو (38%) بەهۆی ئاوازەی دەنگەوەیەو (55%) یش بەهۆی زمانی جەستەوەیە"(بیز، 2011، ص7 )، ئەمەش دەریدەخات کە پەرەزمانیەکان چەند هێندەی وتەکان کاریگەریان زیاترە.

ئەوەی ئاشکرایەو بەلای زۆربەی کەسانی زرنگیش بەدی دەکرێت لای زۆربەی کەسانی بەدیقەت، ئەوەیە کە مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا بێ ئاگایانە کۆمەڵێک هەڵسوکەوت ئەنجام دەدات، کە ئەمانە هەمووی نیشانەن بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤ و سەلماندنی ڕاستی و دروستی وتەکانی، هەربۆیە "هەڵسوکەوتە جەستەییەکان ڕەنگدانەوەی ناخی مرۆڤ نیشاندەدات و لەدەوروبەرە دەروونییەکەوە وەردەگیرێت، چونکە مرۆڤ بەهەموو ئەندامانی لەشی ئاخاوتن ئەنجام دەدات"( دزەیی، 2015، ل105). زۆرجاریش دەبینین ئەو ئیشارەتانەی کەسێک ئاماژەی پێ دەکات زۆر جیاوازە لەوەی ئەیڵێن، کە ئیشارەتە نازمانییەکان دەرخەری ڕووی ڕاستەقینەی تاکەکان و ڕاسترو وردترن بەراورد بەوشەکان(بیز، 2011، ص18). لێرەشدا هەوڵدەدەین زمانی جەستەو تایبەتمەندییەکانی لەچەند تەوەرێکدا بخەینەڕوو:

**1- زمانی جەستەو کەسایەتی:**

تایبەتمەندییەکی دیاری پەرە زمانیەکان ئەوەیە کە دەبێتە هۆی دروست بوون و خستنەڕوی کەسایەتی مرۆڤەکان، بەمەش هاوتابوونی ئاخاوتن و زمانی جەستە نیشانەیە بۆ ڕاست و دروستی وتەکانی قسەکەر، چونکە تێبینی دەکەین زۆرجار وتەکان باق و بریقەدارن، بەڵام جوڵانەوە جەستەییەکان پێچەوانەی ئەوە دەخاتەڕوو، کەواتە زمانی جەستە سەنگی مەحەکە بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان، چونکە "زمانی جەستە زمانێکی سروشتییەو پێویستی بەفێرکردن نییە، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەئاستی بێئاگاییەوە هەیە و، پەیامی خۆی بەڕاستگۆیی دەخاتەڕوو بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی مرۆڤی بەسەردا زاڵ بێت".( محمد امین، 2014، ل43)

زۆربەی جوڵە جەستەییەکانی مرۆڤ کە لەکاتی بێئاگاییداو بێ مەبەست ئەنجامی دەدات بەشێک لەکەسایەتی تاک پێکدەهێنێت، بەوپێیەی (کردەی هەڵسوکەوتە جەستەییەکان لەخۆوەن و بێ مەبەست و زۆر لەڕاستییش نزیکن و ناشاردرێنەوە. شارەزایان پێیانوایە بزەی لێوو دانیشتن و ڕۆیشتن و شێوەی وەستان، زانیاری زۆرمان دەربارەی کەسایەتی پێدەبەخشێت، چونکە هەموو هەڵسوکەوت و جوڵانەوە جەستەییەکان واتادارن و بەشێکن لەزمانی تێگەیاندن) (دزەیی، 2015، ل106 )، کەواتە زمانی جەستە کاریگەرییەکی قوڵ و بەهێز لەناخی مرۆڤدا جێ دەهێڵێت و ڕۆڵی لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا هەیە (زنجیر، 2004، ص4)، لەوچوارچێوەیەشدا لێکۆڵەرانی پسپۆڕ لە زمانی جەستە" هاوڕان لەسەر ئەوەی وشەو گوتە لەبنەڕەتدا بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان بەکاردێت، بەڵام زمانی جەستە بۆ دانوستان لەسەر ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوونی نێوان کەسەکان بەکاردێت، هەندێ جاریش وەک ئەلتەرناتیڤێک لەبری پەیامە دەنگییەکان بەکاردێت"(بربارابیس، 2011، ص8)، بۆ نمونە ئاماژەکانی دەموچاو یان ڕوخسار"بەبەهێزترین جۆرەکانی ئاماژە دادەنرێت کە زۆر ئاسانترن بۆ خوێندنەوەو لێتێگەیشتنیان، هەربۆیە کاتێک لەگەڵ کەسێک دەدوێیت، زۆربەی تەماشاکردنەکانت لەسەر دەموچاوی ئەو کەسە دەبێت کە دیالۆگی لەگەڵ دەکەیت و، بێ ئەوەی هەست بەخۆت بکەیت چاوەکانت چاودێری ئاماژەکانی دەموچاوی کەسی بەرامبەر دەکات". ( بیز، 2011، ص128)

یەکێک لەئەندامە سەرەکییەکانی لەشی مرۆڤ (چاو)ە، بۆیە هەندێ جار قسەکەر پێویستی بەئاخاوتن نییە، بەڵکو دەتوانێت لەڕێگەی چاوەوە پەیامەکەی بگەیەنێت بەمەش وزەی کەمتر بەفیرۆ دەدات، چونکە "چاو بەهەمان شێوەی زمانی مرۆڤ دەدوێت، بەڵام جیاوازی نێوان زمانی چاو و زمانی ئاخاوتن ئەوەیە کە زمانی چاو پێویستی بەوەرگێڕان نییە، بەڵکو دەتوانین لەهەموو شوێنێکی جیهاندا لێی تێبگەین"( بیز، 2011، ص128)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی جەستە هەرگیز ڕۆڵ و کاریگەری لەزمانی ئاخاوتن کەمتر نیە، بەڵکو لەئەگەری نائامادەیی زمانی ئاخاوتندا، ئەوا زمانی جەستە شوێنگرەوەی دەبێت بۆ ڕاپەڕاندن و دروستکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، کەواتە دەتوانین بڵێین زمانی جەستە ڕاسترو دروستر پەیامی شاراوەو ناخی مرۆڤەکان بەراورد بەزمانی ئاخاوتن بە یەکدی دەگەیەنێت، چونکە زمانی جەستە (تاکە ڕێگایە کە بەهۆیەوە دووکەسی جیاواز لەزماندا دەتوانن

پەیوەندی و لەیەکترگەیشتن ئەنجام بدەن کە هەریەکەیان دەتوانێت لەوەی تریان تێبگات لەڕێگەی ئاماژەو دەربڕینەکانی ڕوخسارەوە). (بیز، 2011، ص7)

**2- پێوەرەکانی زمانی جەستە بەپێی تەمەن و ڕەگەز:**

ئەگەر تەمەنیش بکەینە پێوەر بۆ تێگەیشتن لە ئاماژەکان، ئەوا لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە کە خوێندنەوەی زمانی جەستەی منالان و هەرزەکاران سادەو ساکارترە بەراورد بە کەسانی بەتەمەن، چونکە "لەڕوخساری گەنجاندا ستونێکی دەماریی کەمتر هەیە، بۆیە خێرایی هەندێک لەئاماژەکان و مەودای ڕوونبونیان لەلایەن کەسانی ترەوە پەیوەستە بەتەمەنی کەسەکانەوە"(بربارابیس، 2011، ص18)، واتە مرۆڤ چەند تەمەنی بچوکتربێت ئاماژەو دەمارەکانی ڕاستتر دەرئەکەون.

لە خوێندنەوەی زمانی جەستەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان تێگەیشتنی ژن و پیاودا هەیە، کە دەکرێت بوترێت بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت توانای خوێندنەوەی زمانی جەستەی زیاترە بەراورد بەپیاوان، چونکە "ئافرەت توانایەکی خۆڕسکی هەیە بۆ وەرگرتنی توانا نازمانییەکان و کردنەوەی کۆدەکان، سەرباری ئەوەی توانایەکی بەهێزیان هەیە بۆ بینینی بچوکترین وردەکارییەکان، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ژمارەیەکی کەم لەپیاوان توانای درۆکردنیان هەیە لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، لەکاتێکدا زۆربەی ئافرەتان دەتوانن ڕاستییەکان لەپیاوان بشارنەوە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن یان پەی پێ بەرن"( بیز، 2011، ص54)، هەربۆیە کاتێک وتەو ئاماژەکان یەکانگیرنابن بەتایبەتیش لای ئافرەتان، ئەوا ڕاستەوخۆ پەنا بۆ خوێندنەوەی ئاماژەکان دەبەن و قسەو وتەکانیش فەرامۆش دەکەن. (بربارابیس، 2011، ص16)

دەتوانین بڵێین هەموو جوڵە مانادارەکان و ئاماژە هەڕەمەکیەکانی جەستە، گوزارشتی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی ناخ و هزری مرۆڤن و لەلایەن کردەی هەڵچونەوە جوڵەیان پێدەکرێت، ئەم تێروانینەش بۆ پەیوەندی بەستن لەنێوان دوو لایەندا دەکرێت بەمجۆرە گوزارشتی لێبکەین: دیالۆگی نێوان دوو کەس لە ڕاستیدا دیالۆگی نێوان دوو بێ ئاگا دەگەیەنێت، کە هەریەک لەو دوو کەسە هەوڵدەدات بەرامبەرەکەی لەحاڵەتی بێ ئاگاییدا بناسێت، لەکاتێکدا حاڵەتی بەئاگابون بەردەوامە لەدیالۆگکردن و بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی گرنگ بدرکێنێت. (میسینجر،2006، ص16)

**3- خوێندنەوەی زمانی جەستە:**

خوێندنەوەی زمانی جەستە بۆ تێگەیشتن لەبارودۆخی هەڵچوونی کەسی بەرامبەر لەکاتی گوێ بیستبوون لێی لەساتەوەختی قسەکردندا پێویستی بەتوانایەك هەیە"( بربارابیس، 2011، ص9)، هەربۆیە کاتێک دەڵێین فلان کەس چاو تیژو وردە لەهەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسەکاندا، ئەوە بەبێ هیچ زانیارییەکی پێشوەخت و بەبێ مەبەست ئاماژە بۆ توانای ئەو کەسە دەکەین لەخوێندنەوەی زمانی جەستەدا (بربارابیس، 2011، ص10).

یەکێک لەهەڵە هەرە باوەکان ئەوەیە، کەسێکی تازە پێگەیشتوو لەبواری زمانی جەستەدا کاتێک کە کارەکەی ئەنجامدەدات ، بۆ هەر جوڵەو ئاماژەیەک تەنها یەک خوێندنەوە دەکات، کە ئەویش هەڵەیەکی مەترسیدارەو دەبێت خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ ئاماژەکان بکرێت، واتە پێویستە لەگەڵ هەر ئاماژەیەکدا بارودۆخی تایبەتی و کەشوهەوای شوێنی ئەنجامدانی ئاماژەکان بخوێندرێنەوە، بۆ نمونە ئەگەر کەسێک سەری خوراند مانای ئەوەنییە ئەم کەسە چڵکنە، یاخود بەبێ مەبەست سەری دەخورێنێت، بەڵکو پێویستە هەموو لێکدانەوەکانی تایبەت بەو جوڵەیە (واتە سەرخوراندن) خوێندنەوەیان بۆ بکرێت کە پێدەچێت سەر خوراندنەکە مەبەست لێی ئارەقکردنەوەبێت یان دڵنیانەبوونەوە یان خوراندنی ئاسایی بێت یان ئەسپێ یان بیرچونەوە یان درۆکردن بێت، ئینجا بەستنەوەی لێکدانەوەکان بەئاماژەکانی تری کەسی بەرامبەر لەهەمانکاتدا".( بربارابیس، 2011، ص14-15)

فێربوونی خوێندنەوەی زمانی جەستە هۆشیارت دەکاتەوە کە وردتر زانیاری پەیدابکەیت لەبارەی هەوڵی کەسانی تر کە چۆن دەیانەوێت خۆیان بسەپێنن و فێڵ و تەڵەکەبازی بکەن، هەربۆیە زمانی جەستە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە کەسانی بەرامبەر هەمان ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکەن، کە ئەوانیش ئەیانەوێت زانیاری لەبارەی بەرامبەرەکەیانەوە پەیدابکەن، لەوەش زیاتر زمانی جەستە فێرمان دەکات کە هەستیارتر بین بەرامبەر بەهەڵچوون و هەست و نەستی کەسانی تر. (بربارابیس، 2011، ص20)

**4- زمانی جەستە لەزمانی نوسیندا:**

زمانی جەستە تەنها لەگەڵ زمانی ئاخاوتندا دەرناکەوێت، بەڵکو لەزمانی نوسینیشدا ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لای شاعیران کە خاوەنی هەستی ناسک و بەسۆزن، و پەیامەکەیان لەڕێگەی نوسینەوە دەگەیەننە خوێنەران، لەو چوارچێوەیەشدا بەرهەمەکانیان

دەبێتەهۆی زەمینەخۆشکردن بۆ خوێندنەوەی بیرو ناسینەوەو خستنەڕوی کەسایەتیان. لێرەدا تەنها واتای وشەو ڕستەکان بەس نییە، تاوەکو بزانین چی لەهزری شاعیردا دەگوزەرێت، بەڵکو ئەو وشەو ڕستانەش گرنگن کە تایبەتن بەزمانی جەستە کە بەهۆیانەوە دەتوانین لایەنی دەرونیی شاعیر لەکاتی نوسینی بەرهەمەکەیدا بخوێنینەوە، کە ئایا خۆشحاڵە، یاخود دڵتەنگە، یان دوودڵە... هتد.

زمانی جەستە لەزۆربەی دەقە ئەدەبیەکان و لەنێو تابلۆو وێنەکانیشدا بەدیدەکرێت، کە سەرجەمیان ڕەنگدانەوەی هزری نوسەر و وێنەکێشە، کە هەستی ڕاستەقینەی خاوەنەکەیان دەردەخەن.

**5- زمانی جەستە لەشیعردا:**

ئاشکرایە کە شیعر زۆر لایەن لەخۆ دەگرێت و چەندین بۆچوون و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی دەرخستنی ڕاستیەکان و پشت ڕاستکردنەوەی وتەکان زمانی جەستەیە، بۆ نمونە شاعیر لەکاتێکدا وەسفی ڕاستگۆیی ڕەگەزی بەرامبەر دەکات و لەدەقە شیعرییەکەشیدا ئەو ئاماژانەی تایبەتن بەزمانی جەستە بخاتەڕوو کە نیشانەن بۆ درۆکردن، بۆمان دەردەکەوێت کە هەستی ڕاستەقینەی شاعیر لەوکاتەدا دەرخستنی ناڕاستگۆیی ڕەگەزی بەرامبەر بووە بە پشتبەستن بە زمانی جەستە.

لەو چوارچێوەیەشدا زمانی جەستە (بەزۆری لەشیعری (غەزەل)دا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی شیعری (غەزەل) زیاتر باس لە لەشولاری ڕەگەزی بەرامبەر دەکات. وەک ئاشکراشە شاعیر زیاتر خوو بەجەستەوە دەگرێت، هەربۆیە جوانی ڕوکەشی بەلاوە پەسەندە بەتایبەتیش لە وێنەی غەزەلدا، ئەو ڕوکەشەش یەکەمین هەنگاوە کە ئاماژەکانی لاشە دەردەخات، چونکە جەستە زمانحاڵی خاوەنەکەیەتی و بەبێ قسە گوزارشت لەخۆی دەکات لەڕێگەی چاو و دەم و دەست و رۆیشتن، کە بەبێ وشە کەسی بەرامبەر تێدەگەیەنێت بەو پێیەش زمانی جەستە ماناو کاریگەری زیاتری هەیە لەزمانی ئاخاوتن و نوسین کە هەندێ جار توانای تێگەیاندنی بەرامبەریان نییە) (زنجیر، 2004، ص 4 ، 13 ، 17).

**بەشی دووەم: زمانی جەستە لەشیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا**

هەر لەکۆنەوە شاعیران گرنگیان بەجەستەی مرۆڤ داوە بەوەسفکردن و مەزراندنی لەدێڕە هۆنراوەکانیاندا، چونکە "زمانی جەستەش هیچی لە زمانی دەربڕاو کەمتر نیە بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانمان ئاماژە و جوڵەکانی دەست و برۆ و چاو هەمان ئەرکی ئاخاوتن و گوتنەکان دەبینن"(الجعافرە،2012، ص268) بەتایبەتی ئەو جۆرە شیعرانەی دەچنە خانەی غەزەلەوە، کە تێیدا وەسفی لەش ولارو شێوەو ڕوخساری خۆشەویستەکەیان کردووە، دواتر ئەم باسکردنانە بەپێی سەردەم وکات گۆڕاوە، تەنانەت شێوازی مەزراندنی کەرەستەکانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، سەردەمانێک لەشیعری کلاسیکیدا زیاتر وەسفی جەستە و لەش و لاری ئافرەت کراوە بۆ دەرخستنی جوانی و سەرنجراکیشی و چواندویانە بەهەندێ وێنەو شتی دەوروبەر، وەکو (باڵای عەرعەر، زوڵفی وەکو مار، ڕووی وەکو مانگ، کوڵمی وەکو سێو، لێوی یاقوت ، ..... هتد)، کە لەوانەیە ئەو وەسفکردن و لێکچواندنە بۆ سەردەمانێکی تر و قۆناغەکانی تر جێی بایەخ و گرنگی نەبووبێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە لەقۆناغەکانی تردا بەجۆرێکی تر باس لەجەستەی مرۆڤ کراوە، باس لەچۆنیەتی زمانی جەستە کراوە، کە بەجۆرە جوڵەیەک بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەیت دەتوانیت پەیامێک بەکەسی بەرامبەر بگەیەنیت کە "گوزارشت لەناخی خاوەنەکەی دەکات و چاو و دڵ دەدوێنێ، نەک لەڕێگەی وشەوە، بەڵکو بەزمانی ئاماژە/ نیگا" (زنجیر، 2004، ص١٣)، یان هەندێجار شاعیران بەناوی جەستەوە قسەدەکەن، بەتایبەتی شاعیرانی نوێ بەناوی چاو ، دەم ، دەست ، گوێ ، .... هتد قسەدەکەن و ئەو ئەندامانە بەکەس دەکەن، ئەمەش جۆرێکی ترە لە مەزراندنی جەستە.

لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازە یاخییانەی کە هەمیشە بەشوێن کاری نوێ و بیرۆکەی نوێ و دیمەنی نوێدا دەگەڕێت، دەیەوێت هەمیشە جیاوازو نوێتر لەشاعیرانی پێش خۆی و شیعرەکانی پێش خۆی دەربکەوێت، ئەگەر ڕاگوزەرێکی خێرابکەین بەدیوانەکانیدا هەر زوو بەزوو هەست بەگرنگی و بایەخی جەستە لای شاعیر دەکەین، هەر لەباسکردنی جەستەی دایکی و خۆشەویستەکەی تا دەگاتە جەستەی خاک و نیشتیمانەکەی بەچەندین جۆر و شێوازی جیاواز، بۆیە لەبەر زۆری و فراوانی شیعرەکانی، ئێمە تەنها دوو کۆمەڵە شیعری (خواو شارە بچکۆلەکەمان، پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە) وەک کەرەستە بۆ لیکۆڵینەوەکە بەکارهێناوە، ئەوانیش بەمجۆرە بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەکەین:

**تەوەری یەکەم: مەزراندنی ئەندامەکانی جەستە بەتاک (منفرد)**

مەبەست لەم جۆرەیان بەکارهێنان و مەزراندنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤە بەتاک و تەنیا، کە هەر یەکێکیان گوزارشتە لە هەست و مەبەستێکی مرۆڤ ، بۆ نمونە شاعیر لەدێڕێکدا تەنها لەڕێی چاوەوە سەرسامی بەشتێک یان دیمەنێک دەردەبڕێت، لەشیعرێکی تردا بەهۆی دەستەوە گوزارشت لە هەستێکی دەکات، واتە ئەندامەکانی بەتاکی مەزراندووە، ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەرچەندە "زۆربەی جوڵەو هێما سەرەکییەکانی پەیوەندی کردن لەسەر تاسەری جیهاندا وەکو یەکن، کاتی دڵخۆشی پێدەکەنن و کاتی خەمباری و دڵتەنگی دەموچاویان گرژ دەبێت، کاتی ڕازی بوون سەر بۆ خوارەوە ڕادەوەشێنن .... "(الان باربارا ، ٢٠٠٨، ص18)، بەڵام هێشتا هەندێک هێما هەیە بەپێی کلتور و نەتەوەکان دەگۆڕێت، کلتورو ڕۆشنبیری نەتەوەکە ماناو مەبەستەکەی دیاری دەکات "لەوانەیە هێمایەک یان جوڵەیەک لەناو نەتەوەو کۆمەڵگایەکدا زۆر سادە و ئاسایی بێت، کەچی هەمان هێما لەکلتوری نەتەوەیەکی تر کارێکی ئاسایی نەبێت، بگرە لەوانەیە مانایەکی پێچەوانەشی هەبێت"(بیز،١٩٩٧ ، ص11) ئێمە لێرەدا بەپێی کلتوری نەتەوەی کورد لێکدانەوە بۆ هێماکان دەکەین، و ئەو جوڵەو ئەندامانەمان وەرگرتوە کە شاعیر لەم کۆمەڵە شیعرەیدا بەکاریهێناون، هەندێ جار ڕاستەوخۆ ناوی ئەندامەکە نەهاتوە، بەڵام ئەو هۆکارو یارمەتیدەر بووە بۆ دروستبوونی ئەو هێما و ئاماژەیە، بۆنمونە: گریان، پێکەنین، خەندە،.... ئەندامەکانیشمان بەم شێوەیە پۆلێن کردوە:

**1- چاو :**

قسەکردن لەسەر چاو و ئەو مانا و ئاماژانەی دەیانبەخشێت لەشیعردا زۆر زۆرن، چونکە چاو پێگەیەکی زۆر فراوانی لەئەدەب بەگشتی و لەشیعردا بەتایبەتی داگیرکردووە، جگە لەوەی نیشانەیە بۆ جوانی و دڵگیری و سەرنجڕاکیشی خاوەنەکەی، چاو زمانی ئاماژەیە زۆرجار تیرێکە دڵی خۆشەویستەکە دەپێکێت و هەندێجاریش سۆز وبەزەیی دەپرژێنێت، زۆرجار ئەوەی ناتوانیت بەدەم بیدرکێنی یان ناتەوێت بیدرکێنی چاو پیشانی دەدات، هەندێجار بێ ویستی خۆشمان کاردەکات، چونکە "بیلبیلەو ڕەشێنەی چاو بەپێی باری دەرون و هەستی مرۆڤەکە دەگۆڕێت، کاتێک بەشتێک کاریگەر دەبێت و دەیهەژێنێت، بەمانا ئەرێنیەکەی ڕەشێنەی چاوی چوار هێندەی قەبارەی ئاساییەکەی گەورە دەبێت، بەڵام کاتی توڕەبوون و بێزاری ڕەشێنەکانی چاو بچوک دەبن و دەچنەوە یەک"(بیز، ١٩٩٧، ص94) هەربۆیە زۆرجار کە کەسێک قسەمان بۆ دەکات بۆ دڵنیابوون لەڕاستی هەست و قسەکانی هەوڵدەدەین ڕێک سەیری ناو چاوی بکەین.

لەتیف هەڵمەت دەڵێت :

شاعیر لەشیعری(خەوی پیرۆز) دا دەڵێت:

هەزاران شەو ئەستێرەی خەمبار دەژمێرم...
هەزاران ساڵ بۆ چاوی تۆ چاو دەگێرم ....
خۆشمت بوێ و خۆشمت نەوێ ...
ناڵێم بە خوات دەسپێرم ...
لەهەر کوێ بی هەوری بارانی عەشقم
بۆ ئەو جێ یە دەنێرم(هەڵمەت،٢٠٠٥، ل244)

لەتیف هەڵمەت لەخۆشەویستەکەی دورەو زۆر بیری دەکات، ڕۆژو شەو دەژمێرێت بۆ ئەوەی پێی بگات، هەزاران شەو ئەستێرەی خەمباری دەژمێرێت، واتە بێدارو بەئاگایەو دڵی لای خۆشەویستەکەیەتی، هەزاران ساڵ بۆ چاوی ئەو چاو دەگێڕێت، چاوگێڕان زمانی جەستەیە کەسەکە کە شتێکی لێ ون بێت یان لێی دیارنەمێنێت چاوی بۆ دەگێڕیت تا بیدۆزێتەوە و بەدی بکات، بەجوڵاندنی چاو و سەری و سەیرکردنی ئەملاو ئەولای و دەوروپشتی دەزانین کەسێک شتێکی لێ ونەو بەشوێنیدا دەگەڕێت، دوایی شاعیر خۆشەویستەکەی دڵنیادەکاتەوە کە داوای لێ ناکات خۆشی بوێت یان نا، گوێ نادات بەوەی خۆشی بوێت یان خۆشی نەوێت، چونکە لەهەموو بارەکاندا شاعیر دڵی نایەت خواحافیزی و ماڵئاوایی لێ بکات، دەیەوێت هەمیشە لەگەڵی بێت، بۆیە عەشقی شاعیر عەشقێکی قوڵە، عەشقی شاعیر هەورێکە خۆشەویستەکەی لە کوێ بێت ئەویش لەوێ دەبارێت.

لەشیعری(پەیکەرێک بۆ خۆم ئەتاشم) دەڵێت :

ئەم ئەشکەوتە باڵ شکاوانە
چاویان لەو ڕێبوارە زیت کردۆتەوە
کە بنێشتی کرماوی ڕێگاکان ئەشێلن

تاوەکو ئەو تەونە هەڵوەشێنن

وا جوڵا دەم وچاو هەڵپێکراوەکان

بە کینەو گۆگرد ئەی چنن(هەڵمەت، ٢٠٠٥، ل65)

(چاویان لێ زیت کردۆتەوە) ئەمە زمانی جەستەیە بێ ئەوەی مرۆڤ هیچ وشەیەک بدرکێنێ بەجوڵەو هێمایەکی چاو ئەوەی لەناخیدایە ئەوەی دەیەوێت بەبەرامبەری دەگەیەنێت، چاو زیت کردنەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەو کەسە توڕەیت، شێوازێکی هەڕەشەیی دەگەیەنێت، ڕێگری لێ دەکەیت و ناتەوێت ئەو کارە بکات، هەرچەندە ئەمە جوڵە و کردەوەیەکی مرۆڤییە، تایبەتە بەزمانی جەستەی مرۆڤەوە، بەڵام لێرەدا سیفەتی مرۆڤی داوە بەئەشکەوت، کە چاو لەڕێبوارەکان زیت دەکاتەوە و لێیان توڕەیە، چونکە ڕێبوارەکان دەیانەوێت شتی کۆن وخراپ لەناو بەرن، دەیانەوێت تەونی ڕق وکینە هەڵوەشێنن، بەڵام ئەشکەوت کە هێمایە بۆ کەسانی زاڵم و خراپ، کەسانی ستەمکار، چاو لەو ڕێبوارانە زیت دەکەنەوەو ڕێگەیان پێ نادەن ئەو گۆڕانکارییە بکەن.

لە کۆتایی شیعری(ئەم کولەکانە ئەشکێنم) دەڵێت :

ئەمە باوەڕی منە ئەم کولەکانە ئەشکێنم

پەنجەرە ژەنگاویەکان ئەوەرێنم

خۆم ئەخزێنمە منداڵدانی بەهارەوە

لقی خۆر ئەکەم بە شنەی بەستەکانم

بزمارێک ئەکوتمە ئەو تابوتانەی

کەلەژێر شەختەی پارا

چاویان زیتەزیتێتی(هەڵمەت، ٢٠٠٥، ل49)

شیعری (ئەم کولەکانە ئەشکێنم) یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی هەڵمەت، شیعرێکی یاخی، یاخی لەهەموو شتەکانی دەوروبەری، یاخی لەبیروڕا کۆنە چەق بەستوەکان، یاخی لە دیاردە باوەکان، پێی وایە کە مرۆڤ خاوەن ڕاستی بووە، پەیامێکی ڕاست و پڕ ڕاستی پێ بووە دەبێت سڵ نەکات پەیامەکەی بەمرۆڤایەتی بگەیەنێت و ئازادانە بیر بکاتەوە، ڕووبەڕوی کۆت و ڕێگرییەکان بێتەوە، کولەکەکان بشکێنێت کە وەکو ڕەمز بەکاریهێناوە بۆ ئەو کولەکانەی بیلالی حەبەشی بەنهێنی بانگی تێدا داوە، شاعیر ناترسێت و ئەم کولەکانە دەشکێنێت و بەئاشکرا بانگ دەدات، بڕوایەکی ئەفسانەییش هەیە کە گوایە ڕۆحی دێو لەناو کولەکەدایە کەس نابێت ئەو کولەکانە بشکێنێت ئەگینا ڕۆحی دێوەکە دێتە دەرێ وغەزەب بڵاو دەبێتەوە، بەڵام هەڵمەتی یاخی و نوێخواز ئەو کولەلەیە دەشکێنێ و بەگژ دێو و بیروڕا ئەفسانەییەکەدا دەچێتەوە، پەنجەرە ژەنگاوییەکان، کە مەبەستی شتی کۆن وبیروڕای ژەنگ گرتوی بەسەرچوە دەیانوەرێنێت بۆ ئەوەی ڕوناک بێتەوە شتی نوێ و جیاواز لەوانەی پێشوو ببینێت و لقی خۆر دەکات بە بزمار ئەو تابوتانە کون دەکات کە لەژێر شەختەی ساڵی پێشودا چاویان هەر زیتەزیتێتی، ئەم هێمایە (چاوی زیتەزیتیەتی) ئاماژەیە بۆ بێداری و بەئاگایی، واتە هێشتا نەخەوتوەو هۆشیارە، هەڵمەت شتە کۆن وسواوەکان بەتابوتێک دادەنێت، بێگومان تابوتیش کەسی مردوی تێ دەخرێت، واتە بیروڕاکان بەسەرچون، بەڵام زیتەی چاویان دێت ئەم دەیەوێت لەناویان بەرێت، بەواتایەکی تر شتە کۆنەسواوەکان، بیروڕا کۆنەکان بەسەرچون، بەڵام خۆیان نادەن بەدەستەوە بۆیە هەڵمەت ئەو تابوتە بزمار ڕێژ دەکات هەتا ئیتر بەتەواوی بمرن و ڕێگایان لێ بگیرێت نەتوانن بێنە دەرەوە.

**٢- دەست وپەنجە:**

یەکێکی تر لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ کە لەشیعردا زۆر باسی کراوە وگرنگی پێدراوە (دەست)ە، کە چەندین ماناو مەبەست لەخۆ دەگرێت، بەو پێیەی" هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤیش دەتوانن ڕۆڵی زمانی جەستە ببینن، بەڵام ئەو توانایەی دەست هەیەتی زۆر لەوانی تر زیاترو چالاکتر و کاریگەر ترە"(الجاحظ، ١٩٦٨، ص77)، بەڵام ئامانجی ئاماژەکان بەپێی جۆری جوڵاندن و بەکارهێنانی دەگۆڕێت، هەندێجار مانای خۆشەویستی و هاوسۆزی دەگەیەنێت، هەندێجاری دیکە وەکو هەڕەشە و ترساندنی بەرامبەر بەکاردێت، هەندێجار ئازارت دەدات هەندێ کاتی تر ئارامیت پێ دەبەخشێت، زۆرجار ئاماژەیە بۆ شەڕ و ئاشتی، کاتێک دوو کەس یان دوو لایەن شەڕیانە ئامادە نین تەوقە بکەن یان تەوقە بکەن و کۆتایی بەکێشەکان بهێنن و ئاشتبنەوە.

هەڵمەت لەشیعری(خەونێکی دوور) دا دەڵێت :

تۆ ئەی کچە خەمبارەکە خەمبار مەبە

ڕۆژێ دادێ هەر دارێکی قەراغی وەند

بۆ هەزاران زۆردار دەکرێن بە سێدارە

جا ئەو ساتە تۆش مناڵ بەو

قوڕو لمی وەندەر تێگرە لە بەیانی تا ئێوارە

من وەک دایکت داخت ناکەم

من وەک دایکت لێت نادەم

دەستەکانت دەلێسمەوە

تێر تێر ناو دەمت ماچ دەکەم(هەڵمەت، ٢٠٠٥، ل 219)

هەڵمەت ئەم شیعرەی بۆ کچێک نوسیوە کە خۆشی ویستوە وەکو خۆی لە دیوانەکەیدا پێشکەشی کردوە بەناوی(ا – م) لەکۆتایی شیعرەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەرچەندە ناخۆشی و خەمت زۆر دی، زۆر زوڵم وستەمت لێکرا، بەڵام ڕۆژێک دێت کۆتایی بەستەم و زۆرداری بهێنرێت، هەر دارێکی قەراغی ڕوباری ئەڵوەند دەبن بەسێدارە بۆ زۆردارەکان، زۆردار نامێنێ، بۆیە خەمبار مەبە، تۆش ئەو کاتە ئەو ستەمەی لەمناڵیدا دایکت لێی کردیت، کۆتایی دێت ، تۆش وەکو جاران یاری بەقوڕو لمی ئەڵوەند بکە، و مەترسە کەس ڕێگریت لێ ناکات، دایکت لێت نادات، یاری پێ بکە قوڕ و لمم تێ بگرە من هیچت لێ ناکەم داخت ناکەم (دەستەکانت دەلێسمەوە). لەم شیعرەدا دوو ئەندامی جەستە بەشداردەبێت کە بریتین لە زمان و دەست (دەست لێستنەوە) کە بەپێی دەقی هاتنەکەی ماناو واتاکەی دەگۆڕێت، لێرەدا ئاماژەیە بۆ خۆشویستنی کەسی بەرامبەر تا ئەو ڕادەیەی دەستی ماچ دەکات و دەشیلێسێتەوە، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی شاعیردا کە خۆشەویستەکەی دەستی قوڕ و لماوییە، واتە پیس بووە کەچی ئامادەیە بیلێسێتەوە وبیخوات و لێشی تورە نابێت کە یاری بە قوڕ بکات، چونکە عاشقی بووە وخۆشی دەوێت، دواتر تێرتێر ناو دەمی ماچ دەکات، کە ماچ کردنیش هەر زمانی جەستەیە و هێمایە بۆ خۆشەویستی.

لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

تاوەکو وشە ون بوەکە بدۆزمەوە

لە نێوانی وشە پیرۆزەکانی

سەر ڕووی مێژووی خەم و

بەرزایی منارە هەڵچوەکانی

نێوانی ئەستێرەی ئاسمان و زەوی دا

لەو گەشتە دوور و درێژانەما

دەستی ئادەمم دی لەژێر چەنەی

پەشیمانی ڕەشی خۆیدا

حەوا بە زەنگۆڵەی فرمێسکە تاساوەکانی

بۆی ئەشۆری (هەڵمەت ،٢٠٠٥، ل40)

(دەستی ئادەم لەژێر چەنەی) ئەم کارە ، ئەم جۆرە دانیشتنە ئاماژەیە بۆ بێ دەسەڵاتی، دۆش دامانی، خەمباری، پەشیمانی. هەڵمەت لەم شیعرەیدا ویستویەتی بەشێوازێکی سوریالیزمی هەست و مەبەستەکانی وێنابکات، گەشتێکی دورو درێژی کردوەو بەشوێن وشە ونبوەکەدا دەگەڕێت، لەناو وشە پیرۆزەکانی مێژوو وو لەگەڵ بەرزایی منارە هەڵچوەکانی نێوان ئاسمان و زەوی بۆی دەگەڕێت، لەو گەشتەدا ئادەمی دیوە دەستی لەژێر چەنەی دابووە، پەشیمان بووە لەوەی حەووا بەسەریدا هێناوە، لەوانەیە پەشیمان بێت لەوەی هاتۆتە سەر زەوی، حەوواش بەزەنگۆڵەی بەئەژنۆی فرمێسکە تاساوەکانی بۆ دەشۆرێت، واتە بۆی دەسڕێت.

لە شیعری (سەرەتای خەونێکی تر)دا دەڵێت:

خۆزگە هەزار دەستم دەبوو

ئەوسا بە هەر هەزار دەستم

توند باوەشم پیاتا دەکرد

تۆم بە تەنیا بۆ خۆم دەبرد(هەڵمەت، ٢٠٠٥، ل184)

(باوەش پیاکردن) زمانی جەستەیە، ئاماژەیە بۆ حەزو خۆشەویستی بۆ بردن و داگیرکردنی ئەو کەسە، یان ئەو شتە بۆ خۆت و نەهێڵیت کەس بیبات، هەروەها هێمایە بۆ پیشاندانی هەست و سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەو کەسەی باوەشی پێدا دەکەیت. هەڵمەت گلەیی لەم سەدەیە دەکات، کە ئەوین و خۆشەویستی نەماوە، سەدەی گوڵی نایلۆنە، دواتر خۆزگە دەخوازێت سۆزو

خۆشەویستی بگەڕێتەوە، خۆزگە دەخوازێت لەجیاتی دوو دەست هەزار دەستی دەبوو بۆ ئەوەی بەهەر هەزار دەستەکەی توند باوەش بەخۆشەویستەکەیدا بکات و بیبات بۆ خۆی و هیچ کەسێک لێی نزیک نەبێتەوە بەتەنها هەر هی خۆی بێت.

لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

دە فێرمکە چۆن پەپولەی زامەکانت

بەرەڵای باغی ئاسۆ کەم ...

گەر رووباری باسکەکانت ئاگریش بن

من حەز دەکەم پەنجەکانمی تێژەنم (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ل220)

(پەنجەتێژەنین) زمانی جەستەیە و هێمایە بۆ ئاگادارکردنەوەی کەسێک بەمەبەستی بێ دەنگ بوون یان بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی کەسێک بخەیتە قسە و بیجولێنیت پەنجەیەکی تێ دەژەنیت، هەڵمەت داوا لەخۆشەویستەکەی دەکات فێری بکات چۆن زامەکانی بەرەڵلا بکات و بفڕن و لێی دوربکەونەوە بەرەو باغی ئاسۆ بڕۆن، دواتر حەزدەکات پەنجەکانی لەباسک و قۆڵی بژەنێت، ئەو هیچ ناترسێت و سڵیش ناکاتەوە لەوەی باسکەکانی ئاگربن، واتە مەترسیدار بن و پەنجەکانی بسوتێن و ئازاریان پێ بگات.

**٣- لێو :**

لێویش وەکو ئەندامێکی دیکە کە بەهۆیەوە بزە و زەردەخەنە وپێکەنین دروست دەکەین، هەریەکێکش لەمانە ئاماژەی خۆیان هەیە، کە پەیامێک، یان مەبەستێک بەکەسی بەرامبەر دەگەیەنن، جگە لەوەی جوانی وسەرنجڕاکێشی بەڕوی کەسەکە دەبەخشن، چونکە "زەردەخەنە گوزارشت لەکۆمەڵێک هەست ونەستی هەمەجۆر دەکات، زەردەخەنەی شەرم هەیە، یان دڵخۆشی و خۆشحاڵی، یان شاراوەیی وەکو ئەوەی مۆنالیزا، یان دروستکراو یان گاڵتەجاری، یان زەردەخەنەی بێزاری (الابتسامه البائسه) کە لەکاتی بەدبەختی و شکست هێناندا دێتە سەر لێو"(بیز، ١٩٩٧، ص172)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زەردەخەنە ئاسانترین و خێراترین ڕێگایە بۆ سەرنجڕاکێشانی کەسی بەرامبەر و نزیکبونەوە لێی.

هەڵمەت دەڵێت :

ئەگەر بڵێم : یارەکەمر خۆشدەوێ

دەمدەن لە دار...

هەموو ڕۆژێ فیرعەونی شار

هەزاران جار

دەمدا لە دار

قەدەغەیە خۆشەویستی..

قەدەغەیە خەندە و پرسیار.. (هەڵمەت٢٠٠٥، ل272)

(خەندە) ئاماژەیە بۆ دڵشادی و خۆشحاڵی ، دەرکەوتنی ئەم شێوە هێمایە لەسەر لێوی مرۆڤ نیشانەی دڵخۆشیە، بەڵام لێرەدا لەشاعیریان قەدەغەکردوە، شاعیر باس لەزوڵم وستەمی سەردەمی حوکمڕانی بەعس دەکات، کە فیرعەونێکە هەموو خۆشەوستییەکی لێ قەدەغەکردون، ناوێرن بڵێن شارەکەم خۆشدەوێت، یان بڵێن یارەکەم خۆشدەوێت، حاکم و فیرعەونی شار لەجیاتی جارێ هەزار جار دەیدا لە دار و دەیکوژێت، پرسیار و زەردەخەنەش قەدەغەیە، لێرەدا شاعیر بێ ئەوەی وشەی(لێو) بەکاربهێنێ، ئەرکەکەی یان بڵێین دۆخەکەی بەکارهێناوە کە (خەندە)یە.

لەشیعری(هەڵبەستێکی تازە لەچەند پشکۆیەکی سوور)دا دەڵێت:

چەند پشکۆیەکی شینم خستە ناو چنگی دڵمەوە

زەردەشت ویستی لێم زەوت کات

ووتم: زۆر پێوستمە

ئەمەوێ چەن ووشەیەکی لێ دروست بکەم

ووتی: ووشەت بۆچیە؟

ووتم: هەڵبەستێکی تازەی پێ ئەنووسم

لەسەر تروسکەی مۆمی

دانەگیرساوی ئارەزووما

پێکەنی و بە تورەییەوە ووتی:
ئەگەر نوسیت فوویەکی لێ بکە
با خۆڵەمێشی کەڕووی
ساڵگاری چۆک شکاوی
لەقیرا چەقیوی پێوە نەمێنێ (هەڵمەت،٢٠٠٥، ل63)

هەڵمەت دەیەوێت تازەگەری بکات ، بە وشەی نوێ بدوێت، پشکۆیەک دەگرێت بەدەستییەوە کە هێمای ڕوناکی و گڕ وتینە لای زەردەشت و پەیرەوانی، کە ئاگر دەپەرستن و ئاگر لایان پیرۆزە، دەیەوێت پشکۆکەی لێ زەوت بکات، شاعیریش دەڵێت: زۆرم پێویستە تکایە لێم مەبە، ئەمەوێت چەند وشەیەکی لێ پێکبهێنم و بەهۆی وشەکانیشەوە هەڵبەستێکی تازەی پێ بنوسم ... لێرەدا وشەی (پێکەنی) دەچێتە خانەی زمانی جەستەوە، چونکە بەپێی دەق و بارودۆخەکەی واتکانی دەگۆڕێن، بۆ نمونە پێکەنین هەیە مانای دڵخۆشی و شادی دەگەیەنێت، هەندێجاریش بەمەبەستی توانج بۆ گاڵتەپێکردن بەکەسێک یان ئاخاوتنێک پێ دەکەنین، واتە ئاماژەی (ئەرێنی و نەرێنی)ی هەیە، بەڵام لێرەدا ئاماژەیە بۆ گاڵتەپێکردن، ئەوەتا بە تورەییەوە، بە ڕویەکی گرژو تورە پێی دەڵێت: ئەگەر نوسیت فویەکی لێ بکە خۆڵەمێشی کەڕوی ساڵانی زووی لەسەر لاچێت، واتە شتی نوێ بنوسە با شتە کۆنە لەقوڕا چەقیوەکانی ساڵانی زوو نەبێت، شتە کەڕوواویەکان دووبارە مەکەرەوە، بێگومان لەنمونەکەدا ڕاستەوخۆ ناوی (لێو) نەهاتوە، بەڵام لێو هۆکاری دروست بوونی ئەو بارودۆخەیە.

**٤- دەم :**

بەیەکێک لەئەندامە گرنگەکانی مرۆڤ دادەنرێت بۆ گوزارشت کردن لەزمانی جەستە، دەم لێو و ددان لەخۆدەگرێت، کە سەرچاوەی زەردەخەنە وپێکەنینە، ئەمانیش گەشی و جوانی بەڕوی مرۆڤ دەدەن، شاعیران زۆر باسیان لەدەم وجوانی و بچوکی دەم کردوە و چواندوویانە بەخونچەی گوڵ، جگە لەو جوڵە و هێمایانەی بەدەم دەکرێت و هەریەکە مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە، لەتیف هەڵمەت لەم شیعرەدەڵێت :

ئەگەر مژی ماچی خەستم نەگاتە تۆ
ئەگەر چۆلەکەی هەڵبەستم نەگاتە تۆ
لێم ببورە .....
ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان
ئەگەر دەمم درێژ بکەم بۆ دەمی تۆ
ئەیقرتێنن ئامۆزا گیان (هەڵمەت،٢٠٠٥، ل301)

(دەم درێژکردن) زمانی جەستەیە، ئاماژەیە بۆ پیشاندانی خۆشەویستی، و بۆ نزیکبونەوە لەکەسی بەرامبەر، شاعیر دەمی لەئامۆزاکەی نزیک دەکاتەوە دەیەوێت ماچی بکات، بەڵام ڕێگری زۆرە و ناهێڵن، بۆیە دەڵێت : لێم ببورە تاوانی من نییە ئەگەر ماچە خەستەکانم لەگەڵ هەڵبەستەکانم نەگات بە تۆ، تاوانی کەسانی ناحەز و ڕێگری نەیارەکانە کە خۆی لەداب و نەریت و کلتوردا دەبینێتەوە.

لەشیعری (دوابڕیار)ەدا دەڵێت :
هەژارەکان ئەگەر نەبووم بە پەڵە هەوری خوێن و
دەستی عەشقی خۆم نەئاڵاند
لە گەردنی کەژ و کێوی ئەم شارە
شیعرەکانم تف ڕێژکەن و
لقی داری بەڕوویەکم بۆ بکەنە سێدارە(هەڵمەت،٢٠٠٥، ل132)

(تفکردن) بەیارمەتی دەم و لێو و زمان ئەنجام دەدرێت، واتە لێرەدا ڕاستەوخۆ وشەی دەم نەهاتوە، بەڵام لەدەمەوە دەردەچێت و بەهۆی دەمەوە (تف ڕێژ) کردن دروست دەبێت. لەناو کلتوری ئێمەی کورددا شتێکی ناشیرین و نەشیاوە "نەفرەت و تورەیی و وەڕزی، پیشان دەدات، مانای ڕیسواکردن دەگەیەنێت" (شێخانی٢٠٠٩، ل88)، واتە ئاماژەیە بۆ جنێودان بەکەسی بەرامبەر، یان زۆرجار بۆ وەڵام دانەوەی وتە، یان کارێک، کە بەدڵی بیسەر نەبێت ئەنجام دەدرێت، ئەم زمانی جەستەیە وەکو بێ ڕێزییەک بەرامبەر کەسەکە، ئەنجام دەدرێت، ئەوەتا هەڵمەت خۆی دەکات بە قوربانی بۆ هەژار و چەوساوەکان و دەبێت بە پەڵە

هەورێکی خوێن تا خزمەتی هەژاران بکات، قسەو شیعرەکانی لەخزمەتی گرفت و خەمەکانی ئەواندا دەبێت، دواتر دەڵێت: ئەوانەی من دەیڵێم ئەگەر وانەبوو ئەگەر ڕاستم نەکرد ئەگەر لە خزمەتی ئێوەدا نەبوو شیعرەکانم تف ڕێژ بکەن، واتە نەفرەتی لێ بکەن ڕیسوای بکەن، خۆشی بکوژن و لقی دار بەڕوویەکی بۆ بکەن بەسێدارە.

لە بەشێک لە شیعری (ئەمر کولەکانە ئەشکێنم)دەڵێت:

ڕۆڵە تۆ بۆ ئەوەندە لاساری

چەندت پێ ئەڵێم وێنە لە زوقم دروست مەکە

فیکە لە کچی هاوسێکەمان مەکێشە(هەڵمەت،٢٠٠٥، ل52)

(فیکە) هێمایە بۆ بانگکردن، یان ئاگادارکردنەوە، هەندێ کاتیش مانایەکی نەرێنی دەگەیەنێت دەچێتە خانەی جنێو و قسە پێ وتنەوە، یان بۆ دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی پێشبڕکێ بەکاردێت، هەڵمەت باسی منداڵی خۆی دەکات، کە دەشێت منالّیی زۆربەی منالانی تریش بێت، کە سروشتی خۆی کەسێکی بزێو بوە، دایکی زوو کۆچی دوایی دەکات، ئەم کۆچە زۆر کاریگەری نەرێنی بەسەر هەڵمەتەوە بەجێ دێڵێت هەمیشە ئامۆژگارییەکانی دێتەوە بەر گوێی و لە زۆربەی شیعرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا لێرەشدا دەڵێت: ڕۆڵە ئەوەندە لاساری مەکە، وێنە لە زوقم دروست مەکە، فیکە لەکچی هاوسێکەمان مەکێشە، هێمایە بۆ بانگکردن، واتە دەیەوێت کچە دراوسێیەکەیان بانگ بکات و قسەی لەگەڵ بکات، ئەمەش بۆ کلتورو داب ونەریتی ئەو کاتە عەیبە بوە.

لەشیعری( ووشەسوتاوەکان) دا دەڵێت :

کپی و خامۆشی خۆڵەمێشێکی نەبینراوە

لە دەلاقەی زامەکانەوە

هەناسەی ژیان لە ڕێگاکانا ئەدزێ

باوێشکی تاریکایی شەختەیەکی تەزیوو زبرە

ئەیەوێت مێژوو بشکێنێ(هەڵمەت، ٢٠٠٥، ل46)

(باوێشک) زمانی جەستەیە، ئاماژەیە بۆ ماندویەتی و هیلاکی و پێویستیت بۆ خەو و پشوودان، یان زۆرجار بۆ ئەوەی پیشانی بدەیت لەقسە و ئاخاوتنی کەسی بەرامبەر بێزار بویت، یان ئاخاوتنەکەیت بەدڵ نیە یان بەلاتەوە گرنگ نییە، ئەم کارە دەکەیت و زوو زوو باوێشک دەدەیت. بێگومان وێناکردنی زمانی جەستە لەشیعردا مەرج نییە ڕێک وەکو دەرەوەی شیعربێت و مرۆڤەکان خۆیان ئەو کارو کردەوەیە بکەن، بۆچی دەڵێین شیعر، چونکە بۆ گوزارشتکردن وباسکردنی دیاردە و شتەکانی دەوروبەرمان جیاواز لەزمانی ئۆتۆماتیکی خەڵکی ئاسایی دەدوێت و وێنایان دەکات، بۆیە زۆرجار شاعیر کەرەستە و تەنەکانی دەوروبەرمان بەمرۆڤ دەکات وسیفەتەکانی مرۆڤیان پێ دەبەخشێت، زمانی جەستەش یەکێکە لەوانە، لێرەدا سیفەتی (باوێشک) ی داوەتە پاڵ تاریکایی، کە بێزارە ماندوە ، بێزارە لە مێژوو لەشتەکانی ڕابردوو، بۆیە وەکو شەختەیەکی تەزیو و زبر بەگژ مێژوودا دەچێت و مێژوو دەشکێنێت، بێگومان لەنمونەکەدا ڕاستەوخۆ ناوی (دەم) نەهاتوە، بەڵام (دەم) هۆکاری دروست بونی ئەو بارودۆخەیە.

**٥- ڕوو :**

هەموو ئەو جوڵە و هێمایانە دەگرێتەوە کە لەڕوی مرۆڤەکەدا دەردەکەوێت، ئەوانیش بەهۆی چاو ، لێو ، دەم ، ناوچەوان ، برۆ .....، بەکۆی ئەمانە ڕوخسارێکی شاد یان خەمبار یان توڕە یان زیز یان ...... پیشان دەدات .

لە خستنەڕووی مانای ئەم ئەندامەشدا شاعیر دەڵێت:

من ... لەهەموو ڕێگایەکەوە ... بۆ لای تۆ

دێم .. بۆ لای تۆ دێم و

لە روخسارە زیزەکەتا ... خەمی هەموو ماڵەکانی

سەر کارێز بەدی دەکەم .... (هەڵمەت، 2005، ل309)

(ڕوخساری زیز) ئەم دەستەواژەیە کە هەڵمەت بۆ ڕووی ئازیزەکەی بەکاریهێناوە، خۆشەویستەکەی ڕووی زیزە، دڵتەنگە، بێ ئەوەی بدوێ شاعیر هەستی پێ دەکات و لێی تێدەگات، ئەزانێت ئەوە زمانی جەستەیە، ئەو ڕووە زیزە گوزارشت لە هەڵگرتنی هەموو خەمی ماڵەکانە، بەڵام هەر بۆ لای ئەویش دەچێت، هەرچەندە ڕێگای زۆر و جۆراوجۆر هەیە، بۆ لای کەسی تر و شوێنی تر دەڕوات، بەڵام هەڵمەت هەر بۆ لای ئەو خۆشەویستەی دەچێت، هەرچەندە ڕوشی زیز و خەمبارە.

تەوەری دووەم: مەزراندنی ئەندامەکانی جەستە بە کۆمەڵ

لەم جۆرەیاندا شاعیر دەقە شیعرییەکەی وەکو تابلۆیەکی جەستەیی دەنوسێت، واتە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤی بەکۆمەڵ باسکردوە، لەپڕ سەیر دەکەین دەقەکە هەموی بەزمانی جەستە دەدوێ "جەستە بەخشەرێکی ڕۆشنبیری وکلتوری فرە لایەنە، دەقێکی دەربڕاوە دەتوانین بیخوێنینەوەو هێماو گرێیەکانی بکەینەوە، چونکە پرۆسەی داهێنان، جگە لەتەقاندنەوە و دەرخستنی شتە چەپێنراوەکانی ئەم جەستەیە هیچی تر نیە" ( عبید،٢٠٠٨، ص28)، کەواتە جەستە ئەوەی لەناخیدایەو شاردویەتەوە ئەیدرکێنێ بۆ ئەوەی پرۆسەی داهێنان لای شاعیر بگاتە لوتکە.

زمانی جەستە دەربڕینی هەست وناخی کەسەکانمان بۆ دەردەخات لەشوێنی زمانی قسەکردن بەزمانی جەستە پێمان دەڵێت، کە دلخۆش و شادن، یان خەمبار و بەئازارن، پێمان دەڵێت گەشبین و خۆڕاگرن، یان ڕەشبین و نائومێد وبێ ورەن، پێمان دەڵێت حەز بە بینین ودیدارمان دەکەن، یان بێزار لە ڕوخسار وبەیەکگەیشتنمان ..... لەوانەیە هەندێ کاتیش زمانی جەستە ڕاستگۆ نەبێت لەگەڵمان بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی دەتوانن هەستەکانی خۆیان بشارنەوەو بتوانن نواندن بکەن، هەرچەندە لەم کاتانەشدا کەسانی شارەزا و لێزان لەم بوارەدا دەتوانێت لەیەکتریان جیابکاتەوە.

سەرەتا بەم شیعرەی شاعیر دەست پێدەکەین بەناونیشانی (لەهۆڵی سینەمادا):

کچی جوان تەنیای لۆج ئەی بەژن وەک پەری
ئەبینم بە گەرمی نیو نیگام تێ ئەگـری
ئەو چاوە کاڵانەت بڕیوە لە ڕووی مـن
لەلێوتا بزەیەک کەوتۆتە شنـە شن
بزەیەک کە پڕە لـە تیشکی ئارەزوو
ئەیەوێ وەک ناسیاو لەگەڵتا بێمە دوو
ئەیەوێ سەرنجم ڕاکێشێ بۆ لای تـۆ
ڕوو کەمە پەیکەری زیوینی باڵای تـۆ
دل تەڕ کەم بەشیلەی ئەو کوڵمە گەشانەت
پرشنگی ئـەو قژە زێرینە پەخشانەت
ئەفسونی ئەو دەست وپەنجە پڕ ورشانەت
ناسکی و سپێتی ئەو پشت وناوشانەت
ئەی بەژن کەڵەگەت بێ گومان تۆ جوانی
وەک تاسەی یادی خۆش هیوای دڵ گۆرانی
بەڵام من ئاوارەی تاریکی ژیانم
جوانی تۆ کار ناکات لە دڵ وگیانم
جگە ئەو کچۆڵە خوێن گەرمە قژخاوە
کە ئێستا لێم دوورە زویرە تۆراوە
هیچ شۆخێ ڕووناکی نابەخشێ بەم چاوە
ئارەزوو ناخاتە ئەم دڵە شێواوە (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ل24)

ئەم دەقە لەسەرەتاوە تا کۆتایی پشتی بەزمانی جەستە بەستوە، وەسفێکی جوانی هۆڵی سینەمامان بۆ دەکات، لەم دێڕە شیعرانەدا زمانی جەستە دێتە قسە، شێوە و جوڵانەوەکان بێ ورتە هەستەکان وئارەزووەکانمان بۆ دەگوێزنەوە، باس لەکچێک دەکات بەتەنیا لە لۆجی هۆڵی سینەماکەدا دانیشتوە بەژن وباڵای زۆر جوانە وەک پەری وایە، بێ ئەوەی بدوێت یان هیچ قسەیەک بکات بەزمانی جەستە چەندین پەیام و ڕستە ئاڕاستەی شاعیر دەکات، بەهۆی زمانی جەستەوە ئەوەی لەناخیدا پیشانی دەدا وشاعیر لێی تێدەگات، بێ ئەوەی یەک وشەش بدرکێنێت، نیو نیگایەکی گەرمی تێ دەگرێت ، نیونیگایەکی گەرم ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دڵت بەکەسێکەوەیە یان ئارەزوو دەکەیت سەیری بکەیت، سەیری ناکەیت و شەرم دەکەیت ، چاوێکی کاڵی پێوەیە بڕیویەتیە ڕوی شاعیر بزەیەکیش سەرلێوی شنەشن دەکات کە شاعیر دەڵێت : ئەو بزەیە پڕە لەحەزو ئارەزوو ئاماژەیە بۆ ئەوەی بێم وەکو کەسێکی ناسیاو و دۆست بتدوێنم و قسەت لەگەڵ بکەم، ئەو بزەیە زمانی جەستەیە دەیەوێت سەرنجی شاعیر ڕابکێشێت بۆ لای خۆی ، دەیەوێت ڕوو بکاتە ئەو شۆخە جوانە زیوینە، تا بەشیلەی ئەو کوڵمە گەشانەی دڵی تەڕ بکات. پرشنگ وزێڕینی ئەو قژە پەخشانەی لێی بدات

دواتر زۆر بەوردی باسی لەش ولار وشێوەی ئەو کچە دەکات  کە چەند سپی وناسک وباڵابەرزە، ئەفسون و سیحری دەست وپەنجەی  سپێتی ناوشان و پشت ملی هیوا و یادی خۆش دەدات بەشاعیر ئەمەش پەیام وناخی کچەکەیە بۆ شاعیر، بەڵام  ئەم پەیامە ئەم هەموو نیگا و جوانییە  هیچ کار لەسۆز ودڵی شاعیر ناکات، چونکە شاعیر لە تاریکی ژیاندا ئاوارەو بێ کەسە  دڵی لای کەسێکی ترە، ئەو کەسە کچۆڵەیەکی قژ خاوی خوێن گەرمە ئێستا لێی دوورەو زویرە، لەشاعیر تۆراوە، بەڵام بیری دەکات و هۆش و هەستی لەلایەتی .

لە شیعرێکی تردا بە ناوی (بۆ کچێکی ڕێ ڕەوی جوان)

ورد بڕۆ سڵ مەکە زەردە پەڕ خامۆشە
ئەم ڕێ یە بەتەنها من و تۆی لە کۆشە
ورد بڕۆ دڵی من پڕ کوڵە پڕ جۆشە
ورد بڕۆ پەرداخی تێبینی بنۆشە
سڵ مەکە لە نیگای پڕ تاسەو خرۆشم
من بە چاو شیرینی جوانی تۆ ئەنۆشم
بۆ کوڵمی وا ناسک تەمەنی وا گەیوو
بۆ سنگی ئاوا قوت  مەمکی وا دەرپەڕیوو
- - - -   - - - - -   - - -
ورد بڕۆ سڵ مەکە ئەنوارم بنوارە
لە چاوتا متورفەی هەزاران ڕاز دیارە
ورد بڕۆ حەز ئەگری لە ناخی هەناوتا
لە لەشی زیوینی ناسک و پاراوتا
ورد بڕۆ لەگەڵما بە نازی بیرە دوو
بزەیەک پێشکەش کە بە لێوی ئارەزوو
پرشنگێ هەڵبکا لە کەلی ژیانما
تەزێکی پڕ لەتام بهێنێ بە گیانما
جێم بێلی جا مەگەر هەر بگریم لە تاوتا
وێڵ ببم لەتەمی خامۆشی هەنگاوتا
ورد بڕۆ سڵ مەکە زەردە پەڕ خامۆشە
ئەم ڕێ یە بەتەنها من و تۆی لە کۆشە(لەتیف هەڵمەت ،٢٠٠٥، ل17)

وا دەردەکەوێت ئەم شۆخە لەگەڵ شاعیردا بەتەنیا بەرێگایەکدا دەڕۆن، ڕێگاکە چۆڵە وکەسی تری لێ نیە، شاعیر پێی دەڵێت : ورد بڕۆ ، ڕۆشتن هێما و مانای خۆی هەیە بە تایبەتی بۆ ئافرەت چونکە "جوڵەیەکی جەستەیی گرنگە بۆ دەرخستنی باری دەرونی و ئەوەی دەیەوێت بیدرکێنێ، بەتایبەتی کاتێ بەلەنجەولار دەڕوات، یان جۆرە جوڵەیەک دەکات بۆ سەرنجڕاکێشانی پیاو، پیاوانیش ئەم جوڵە و جۆرە ڕۆشتنە کاریان تێ دەکات" (عیلان،١٩٩٥، ص255). ورد بڕۆ، واتە پەلە مەکە لەسەرخۆبە، چونکە شاعیر دەیەوێت گفتوگۆی لەگەڵ بکات و دەزانێت کچەکە دەترسێت،  بۆیە دەڵێت : سڵ مەکە  زەردە پەڕ خامۆشە و ئەم ڕێگایە تەنیا من و تۆی لێیە تەنیا من و تۆی لەباوەش گرتوە، دوبارە داوای لێ دەکات ورد بڕوات، چونکە دەرونی پڕ کوڵەو حەزدەکات بیدوێنێت، ورد بڕۆ تێبینی شتەکان بکە و لەنیگای پڕ تاسە و خرۆشم مەترسە و سڵ مەکە، (نیگا) زمانی جەستەیە هێمایە بۆ تاسە و حەزو ئارەزوو دوایی شاعیر بە چاو شیرینی جوانی ئەو کچە دەنۆشێت، واتە ئەوەندە چاوی تێ بڕیوە وسەیری دەکات شیرینی جوانییەکی نۆشیوە. دواتر دێتە سەر وەسفکردنی دەم وچاو و لەش ولاری کوڵمی ناسک وسنگ و مەمکی دەرپەڕیو، جارێکی تر دوبارە پێی دەڵێت : ورد بڕۆ و سڵ مەکە من سەیرت دەکەم لێت دەڕوانم تۆش سەیرم بکەو لێم بڕوانە، لەچاوەکانتا متورفەی هەزاران ڕازو نهێنی دیارە، متورفە واتە شتێکی جوان و بێ هاوتا، واتە لەچاویدا کە سەرنجی دەدات و لێی دەڕوانێت بەزمانی جەستە هەزارەها ڕاز و نهێنی دەدرکێنێت، لەدێڕی دواییدا باسی گریان دەکات (گریان) زمانی جەستەیە ئاماژەیە بۆ خەم و خەفەت، بۆ دڵتەنگی و بێزاری، هەرچەندە هەندێ جار لەکاتی خۆشیشدا دەگرین، بەڵام ئەوە کەمە و لەم سیاق و شوێنەشدا ئەو مەبەستە ناگەیەنێت، لێرەدا گریان بۆ خەم و دڵتەنگییە مەبەستی لەوەیە حەزو ئارەزوت هەیە، بەڵام نایدرکێنیت ئەوەتا حەز لەناخی هەناو و لەشی زیوینی

ناسک و پاراوتا دەگری، دوبارە داوای لێ دەکات لەگەڵیدا ورد بڕوات بەنازەوە بکەوێتە قسەو گفتوگۆ لەگەڵی وبزەیەک پێشکەش بکات بەلێوی ئارەزو (بزە) زمانی جەستەیە ئاماژەیە بۆ دڵخۆشی و هەست بەخۆشی کردن، بزە شێوەیەکی جوان و ڕویەکی ڕون و گەش بەکەسەکە دەبەخشێت، ئەگەر ئەو بزەیە بکات پرشنگ هەڵدەکات لەژیانی شاعیردا و تەزێکی پڕ لەتام دەهێنێت بەگیانیدا، جا من چی بکەم ئەگەر بەجێم بهێڵێت و زوو بڕۆیت و نەوەستیت مەگەر هەر بگریم لەتاوت، مەگەر وێڵ بم لە تەمی خامۆشی هەنگاوەکانتا لە کۆتاییدا دێڕی یەکەم دوبارە دەکاتەوە کە ورد بڕۆ و سڵ مەکە ئەم ڕێگایە هەر من و تۆی لە باوەش گرتوە.

**ئەنجام**

1- زمانی جەستە پانتایەکی فراوانی لەزمانی نوسیندا داگیرکردوە، بەتایبەتی بەشێوەیەکی بەرچاو لەشیعردا بەدیدەکرێت، کە هزرو هۆشی شاعیرانی بۆ لای خۆی داگیرکردوە. زمانی جەستە پەیامێکە ڕاست و دروستی لەخۆ دەگرێت، کە لەڕێگایەوە دەتوانرێت پەی بەنهێنیە شاراوەکانی ناخی شاعیر ببرێت و زیاتر لەشیعری غەزەلدا دەبینرێتەوە.

2- مەرج نیە زمانی جەستە لەشیعردا وەکو دەرەوەی شیعر هەر مرۆڤەکان وێنای بکەن، لەشیعردا زۆرجار تەنەکانی تر ، شتەکانی تری دەوروبەرمان بە کەس دەکرێن و سیفەتەکانی مرۆڤیان پێ دەدرێت، لەوانەش وێناکردنی زمانی جەستەیە بەناوی ئەوانەوە.

٣- لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر گرنگی بەئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ داوە، جەستە زۆرترین ئامادەبوونی هەیە لەشیعرەکانیدا، کەسێکی یاخی بووە پێی خۆش بووە دەستکاری شتە تابۆکراوەکان بکات، ئەو شتانەی کە زۆرکەس ناوێرن باسی بکەن، یان بچن بەلایدا وشاعیر هیچ ئازادییەک نابینێت لەجەستەی ئافرەتدا نەبێت.

٤- لەتیف هەڵمەت لەمەزراندنی زمانی جەستەدا زۆربەی زۆری ئەو جوڵەو شێوانەی بەکارهێناوە کە لەڕێی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە پیشان دەدرێن هەرلە(چاو ، دەست، دەم ، ڕوو ، ...) کە بەهۆی ئەمانەوە بارو لایەنی دەرونی و هەستی کەسەکە پیشان دەدات.

٥- لەتیف هەڵمەت هەندێ کات لەڕێی زمانی جەستەوە بەشێوەیەکی شاراوە و دەمامککراو ڕەخنەی لە دەسەڵاتی بەعس گرتوە.

**سەرچاوەکان**:


**کتێبەکان بە زمانی کوردی:**

1- دزەیی، عبدالواحید موشیر. (2015) **زمان و کەسایەتی**. هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

2- شێخانی،عەبدولوەهاب،(٢٠٠٩) فەرهەنگی ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا،هەولێر،دەزگای موکریان

3- فەتاح، محەمەد مەعروف. (1990) **زمانەوانی**. هەولێر: زانکۆی سەلاحەددین. چاپخانەی دار الحکمە.

4- هەڵمەت، لەتیف. (2005) **دیوانی لەتیف هەڵمەت**. چاپی دووەم. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

**نامەی ئەکادیمی:**

- محمد امین، ئەژین اکرم. (2014) ڕۆڵی(N.L.P) لەبەرەوپێشبردنی خوێندنی زانکۆییدا (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەروونی و دەمارییە). نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.

**کتێبەکان بە زمانی عەرەبی:**

1-بييز، آلان باربارا، (٢٠٠٨) **المرجع الاكيد في لغة الجسد**. ترجمة: مكتبة جرير،الرياض- السعودية.

2-بربارابيس، آلان. (2011) **لغة الجسد**. ترجمة: عبدالحيكم احمد الخزامي. القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع.

3-بيز، آلن، (١٩٩٧) **لغة الجسد**. ترجمة و تحقيق: سمير شيخاني. بيروت: الدار العربية للعلوم.

4-بيز، آلن. (2011) **لغة الجسد**. ترجمة: محمد كامل عبدالحافظ. القاهرة: الدار المصرية للعلوم.

5-الجاحظ ،(١٩٦٨) **البيان و التبيين** .تحقيق: عبدالسلام هارون،القاهرة:مكتبة الخانجي.

6-عبيد، محمد صابر. قصيري، فيصل صالح،(٢٠٠٨) **اسرار الكتابة الابداعية: عبدالرحمن مجيد الربيعي والنص المتعدد** ، عمان، عالم الكتاب الحديث.

7- عيلان،محمد،(١٩٩٥) **السيميائية والنص الادبي**. الجزائر:منشورات جامعة باجي مختار عنابة.

8- ميسينجر، جوزيف. (2006) **المعاني الخفية لحركات الجسد**. ترجمة: محمد حسين شمس الدين. بيروت: شركة دار الفراشة للطباعة و النشر و التوزيع.

9-هلال، عبدالناصر. (2005) **خطاب الجسد فى شعر الحداثة قراءة في شعر السبعينيات**. القاهرة: مركز الحضارة العربية.

**گۆڤارەکان:**

1- زنجير، محمد رفعت احمد. (2004) لغة الجسد في الشعر العربي قراءة ادبية بلاغية نقدية. **مجلة التاريخ العربي**، اتحاد المؤرخين المغاربة، 29.

2- الجعافرة، ماجد ،(٢٠١٢) سيمائية الجسد في الشعر العربى القديم(عمر بن ابي ربيعة انموذجا) ،**مجلة الجذور**، ٣٢.

**ملخص**

لا تقتصر لغة الجسد على لغة التخاطب اليومي فحسب، بل تنعكس ظهورها في لغة الكتابة أيضاً، لذلك تتميّز بحضور لافت و دور فاعل في الأعمال الأدبية سواء أكان عملاً نثرياً أم شعرياً. هذا البحث الموسوم بـ (إنعكاس لغة الجسد في الشعر الكوردي – لطيف هلمت نموذجاً) محاولة لعرض آليات إستخدام لغة الجسد في الأعمال الشعرية لهذا الشاعر الكوردي المعاصر متخذين من المنهج الوصفي التحليلي وسيلة ناجعة لبيان دلالات لغة الجسد الكتابي في قصائده. أمّا خطّة البحث فتنقسم على مبحثين إثنين، تحدثنا في المبحث الأول عن لغة الجسد نظرياً، وفي المبحث الثاني وقفنا على دراسة تطبيقية للغة الجسد في النتاج الشعري للشاعر لطيف هلمت مسلطين فيه الأضواء على معانيها وما يكتنفها من دلالات.

**Abstract**

Title of the research is (Body language reflection in Kurdish poems such as latif halmat) body language does not appear in the spoken language only but it has a great role in written text. In this research we try to shed light on the body language in written text of latif halmat poems as an example. The method of this analytical research is descriptive, and it consist of two parts: the first part deals with the theory of body language, and the second part, practically, we highlighted the body language in latif halmat poems and show the main purposes.